


# کتێبێکی نوێ لەبارەی ڕۆمانی پۆستمۆدێرن

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

باهـۆز مسـتەفا، نووسـەر و چیرۆکنـووس، کتێبێکـی نوێـی بەناونیشـانی "ڕۆمانـی پۆسـت مۆدێـرن" بڵاوکـردەوە کـە لێکۆڵینەوەیەکـە لەبـارەی ژانـری ڕۆمـان. باهـۆز مسـتەفا، بـە (ئـەدەب و کولتـووری ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، ڕۆمانـی "پۆسـت مۆدێـرن" ناونیشـانی لێکۆڵینەوەیەکـە لەسـەر ژانـری ڕۆمـان. لێکۆڵینەوەکـە تیشـک دەخاتـە سـەر مێـژووی ڕۆماننووسـین لـە جیهانـدا بـە گشـتی و لـە کوردسـتان بەتایبەتـی.

گوتیشـی: "بەشـێکی ئـەم کتێبـە بـۆ چەمـک و زاراوەکانـی مۆدێرنـە و پۆسـتمۆدێرنە تەرخـان کـراوە، جیـاوازی و شـێوازی نووسـینی ڕۆمانـی مۆدێـرن و پۆسـتمۆدێرنی دیـاری کـردووە و دەسـتنیشـانی بنەماکانـی هـەردوو جـۆری کـردووە بـە هێنانـەوەی نموونـەی کـوردی و تورکـی و جیهانـی".

باهۆز مستەفا کە نزیکـەی پەنجا سـەرچاوەی کـوردی و ئەڵمانـی بـۆ ئامادەکردنـی لێکۆڵینەوەکـە بەکارهێنـاوە، ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـرد کـە دەکـرێ کتێبەکـە سـەرچاوەیەکی بـاش بـێ بـۆ ڕەخنەگـران و قوتابیانـی زانکـۆ و خوێنەرانـی ڕۆمـان بـە تایبەتـی و، کتێبخانـەی کـوردی بەگشـتی.

ئـەم بەرهەمـە لـە 184 لاپـەڕە پێکـدێ، لـە چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات لـە هەولێـر چاپکـراوە و ئێسـتا لـە بـازاڕی کتێبفرۆشـاندا دەسـتدەکەوێت.

باهـۆز مسـتەفا، سـاڵی 2005 یەکـەم ڕۆمانـی بەنـاوی "داسـتانی سـەفەر" بڵاوکردووەتـەوە، دواتـر شـەش کتێبـی دیکـەی چـاپ و بڵاوکردوونەتـەوە بـە ناوەکانـی "هونـەر و ژیـان"، "ئەڵمانیـا"، "ئێرە ڕۆمانە" و "هەڵبژاردەیـەک لـە شـیعری شـاعیرانی هەولێـر".




## کۆبەرهەمە شیعرییەکانی سەباح ڕەنجدەر چاپکران

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

سـەباح ڕەنجـدەر، نووسـەر و شـاعیر، کـۆی ئەزموونـی شـیعریی خـۆی لـە دوو بەرگـی کتێبـدا بەنـاوی "دیوانـی سـەباح ڕەنجـدەر" چـاپ کـرد.

سـەباح ڕەنجـدەر، بـە (ئـەدەب و کولتـووری ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، دیوانەکـە تـەواوی بەرهەمـە ئەدەبییەکانـی لەخۆدەگرێـت کـە لـە شـیعر، ڕۆمانەشـیعر و پەخشانەشـیعر پێکدێـت. ئـەم کتێبـە لەسـەر ئەرکـی خـۆی لـە ئێـران چاپکـراوە و ئێسـتا لـە کتێبفرۆشـییەکانی کوردسـتان دەسـتدەکەوێ.

ڕەنجـدەر لـە پێشـەکی کتێبەکەیـدا نووسـیویەتی: "مـن زیاتـر شـاعیری هەسـت و خەونـم، نـەک بابـەت و ڕووداو. کاتێـک گـەردوون و ژیـان بـە هەسـت و خەونبینینـی خـۆم وێنـا دەکـەم، ئێسـتێتیکای شـێواز بـە پانایـی بـوون ڕووبـەڕووی زمـان دەکەمـەوە". هەروەهـا نووسـیویەتی: "ئـەی شـیعر مـن کەسـێکی دینـدارم بـە تـۆ، دیندارێکـی سەرمەسـت و تـەواو هۆگـر پێتـەوە. ئەوەتـا ڕووناکیتـم کردووەتـە مـۆری ناوچەوانـم و بـڕوام پێـت هێنـاوە، ئـەو تیشـکەی لـە شـیعرەوە دەردەچێـت، گەرمـم دەکاتـەوە و دەمباتـە نـاو چێـژی ژیانـی ڕاسـتەقینە".

بەرگـی یەکەمـی کتێبەکـە، کۆکـەرەوەی پێنـج کتێبـە، ئەویـش کتێبـی: زێـوان، 1988. ڕووەکەکانـی خوداوەنـد، 1999. خـەون وا خـۆی گێڕایـەوە، 2004. شـەڕی چـل سـاڵە، 2005 و مردوویـەک ئـاگای لـە هەمووانـە 2008.

بەرگی دووەمـی دیوانەکـە، ئـەم کتێبانـە لەخۆدەگرێـت: سـەدویەک شـەوە، 2008. سـاڵی سـفر 2010. سـروودی زەوی، 2012. حەزدەکـەم ئەوەنـدە بژیـم، 2015 و دواکەوتـن لـە کەشـتی نـووح، 2017.

# سوڵتانی "ماکەرنامە" بڵاودەکاتەوە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

نووسـەر و شـاعیر و چیرۆکنووسـی کـورد ڕەسـووڵ سـوڵتانی، سـەرقاڵی چاپکردنـی دیوانێکـە لـە شـێوەی تەنـز و هەجـوو کـە لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا بەنـاوی "ماکەرنامـە" بـڵاوی دەکاتـەوە.

ڕەسوڵ سوڵتانی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەسـەر کێش و وەزنـی چوارینەکانـی خەیـام دیوانێکـم نووسـیوە بەنـاوی ماکەرنامـە، ئێسـتا ماکەرنامـە کـە کۆمەڵێـک تەنـز و هەجـووە، ئامـادەی چاپـە". دیوانەکـە لـە 150 لاپـەڕە پێکـدێ، بـە گوتـەی سـوڵتانی "شـیعرەکان شـێخ ڕەزایانـەن، زۆر ڕووی مەجلیسـیان نییـە، تەنانـەت پـووری خـۆمـم هەجـوو کـردووە".

ڕەسوڵ سوڵتانی باسی هۆکاری نووسـینی دیوانەکـە دەکات و دەڵێت: "لـە مانگـی 7ی 2015، کتوپـڕ لەسـەر تەنزێـک کـە سـاڵ و نیوێـک بـوو بـڵاوم کردبـووەوە، کۆمەڵێـک بەنـاو فێمینیسـتی کوردزمانـی ئەوروپانشـین لێـم ڕاسـت بوونـەوە و کردیانـە هـەرا و گوتیـان ئـەو تەنـزە سـووکایەتییە بـە ژن و پێگـەی ژن، لـە حاڵێکـدا مـن نـەک دژە ژن نەبـووم، بگـرە بـە کـردەوە لـە ژیانـی خۆمـدا سـەلماندوومە چەنـدە یەکسانیخوازم، زیاتـر لـە 20 وتـارم لەبـارەی مافەکانـی ژنـان و ئـازادی و یەکسـانییەوە بڵاوکردووەتـەوە و دوو کتێبیشـم هـەر لـەو بـوارەوە وەرگێـڕاوە".

سـوڵتانی هەروەهـا دەڵێـت: "هەرچـی هەوڵـم دا وەک بابەتێکـی ئەدەبـی سـەیری ئـەو تەنـزە بکـەن، قبووڵیـان نەکـرد، سـێ فێمینیسـت لـە نێـو دێموکـرات و پیاوێکـی ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی، کەوتنـە گـەڵ ئـەو هـەرا و هۆسـەیە. ئیـدی حیزبیـان ناچـار کـرد مـن سـزا بـدات. منیـش ئیـدی بـە فەرمـی ئـەو تاقمـەم نـاو نـا ماکـەر".

## بڵاوکراوەیەکی "لە ڕەخنەوە بۆ ڕەتکردنەوە"




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

"لـە ڕەخنـەوە بـۆ ڕەتکردنـەوە" ناونیشـانی کتێبێکـی نوێـی ڕەخنەیـی نووسـەر ئـارام سـدیقە کـە کۆمەڵێـک وتـار و لێکۆڵینـەوەی ڕەخنەیـی لەخۆگرتـووە.

نووسـەر لەبـارەی کتێبـە نوێیەکـەی لـە ئەکاونتـی خـۆی لـە فەیسـبووک نووسـیویەتی: "ئـەم کتێبـە هەندێـک هەوڵـی ڕەخنەیـی منـە. درێژکـراوەی ئـەو بۆچوونـە ڕەخنەییانەیـە کـە سـاڵانێکە کاریـان لەسـەر دەکـەم و کـۆی ئـەم نووسـینانە کۆمەڵێـک هەوڵـن بـۆ ڕوونکردنـەوەی دیدگای ڕەخنەیـی مـن و ئـەو جـۆرە تێکسـتانەی کـە لەڕێـی ڕەخنـەوە ڕەتـم کردوونەتـەوە".

ئـارام سـدیق کـە خاوەنـی چەنـد کتێبێکـی ڕەخنەییـە، هەروەهـا دەڵێـت: "لـە سـاڵانی ڕابـردوودا کۆمەڵێـک هـەوڵ و خوێندنـەوەی جۆراوجـۆرم هەبـوون، بـەڵام دەتوانـم بڵێـم لـە ڕووی دیـدی ڕەخنەییـەوە هیچیـان وەکـو ئـەم هەوڵـەم ڕەخنـە لـە هەناویانـدا نییـە".

# دەیەمین ساڵیادی
# خەڵاتی یەکێتیی ئەورووپی بۆ ئەدەب

◄ ئەدەب و کولتوور

ئەمە جاری یەکەمە پێشبڕکێی خەڵاتی یەکێتی ئەورووپا بۆ ئەدەب و هونەر، ئاهەنگی دەیەمین ساڵیادی، لەڕێی بانگهێشتکردنی براوەکانی پێشووتر بۆ پێشکەشکردنی چیرۆکەکانیان، دەگێڕێت. ئەمەیش دەستپێشخەرییەکی بێهاوتایە بۆ ئاهەنگگێرانی خەڵاتەکانی یەکێتی ئەورووپا بۆ ئەدەب و هونەر.

لەم بۆنەیەدا 108 نووسەر لە 37 ناوچە و هەرێمی جیاوازی ئەورووپاوە کە ساڵانی پێشتر براوەی خەڵاتی یەکێتی ئەورووپا بوون بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێیەکی تایبەت، بانگهێشت کراون. لەم پێشبڕکێیەدا، هەریەک لەم نووسەرانە بە زمانی خۆیان دەنووسن و لە کۆتاییشدا، لە ڕێی لیژنەیەکی تایبەتەوە خەڵات بە نووسەرە سەرکەوتووەکان دەبەخشرێت.

بۆ بەشداری و چوونە ناو ئەو پێشبڕکێیە، هەموو نووسەرەکان ئاگادارکراون کە لە 23 ی ئابی 2018 کارەکانیان پێشکەش بکەن. ئەو بابەتەی بەشداری دەکات و دەچێتە ناو پێشبڕکێکەوە، وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی ئینگلیزی و لەگەڵ دەقە ئۆریجناڵەکەیدا، لە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەم پێشبڕکێیە بڵاو دەکرێنەوە، خودی پێشبڕکێکەیش لەلایەن لیژنەیەکی پرۆفیشناڵەوە، کە بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراون، بڕیاری لەسەر دەدرێت. ئاهەنگی دەیەمین ساڵیادی خەڵاتی یەکێتی ئەورووپی بۆ ئەدەب، جگە لە بەخشینی خەڵاتەکانی یەکێتی ئەورووپا بۆ نووسەران، دەرفەتێکی باشیش بۆ بەرەوپێشبردنی کاری ئەدەبی دەخوڵقێنێ، هاوکات بوار بۆ بەشدارییەکی فراوانی ئەورووپی دەڕەخسێنێ. خەڵاتی یەکێتی ئەورووپا کە لە ساڵی 2009 وە دەستپێکردووە، ساڵانە لەلایەن لیژنەیەکی ئەورووپی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجوومەنی نووسەرانی ئەورووپی و دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەورووپی، هەروەها کتێبخانە نێودەوڵەتی و ئەورووپییەکان ڕێکدەخرێت. نووسینە ڕکابەرەکانی بەشدار لە خەڵاتی یەکێتی ئەورووپا لەلایەن لیژنەیەکی پرۆفیشناڵ، هەروەها خەڵکەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، لیژنەکە پێکدێت لە کەسایەتی هەڵبژێردراو لە دنیای هونەر و ئەدەب، هاوکات خەڵاتێکی تایبەت لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپی، دەبەخشرێت.

خەڵاتی ئەمساڵ بۆ ئەورووپا ڕووداوێکی گرنگە کە بە ساڵی کەلەپوور و کولتوور دەستنیشان کراوە، هەر بەم بۆنەیەشەوە خەڵاتێکی تایبەت دەبەخشرێتە باشترین کورتەچیرۆک کە کەلەپووری ئەورووپی ڕۆڵێکی گرنگی تێدا هەبێت، بەم بۆنەیەشەوە پەرلەمانی ئەورووپی بانگهێشتی ئەندامەکانی دەکات بۆ بەشداری و هەڵبژاردنی باشترین ئەو چیرۆکانەی لای ئەوان پەسەند و گرنگە. ئاهەنگی ساڵیادی ئەم پێشبڕکێیە، لە تشرینی دووەمی 2018 لە شاری ڤییەنا و بە پشتگیریی سەرۆکایەتی دەوڵەتی نەمسا دەگێڕدرێت.

# جیلییەن لین..
# ئەو ڕاهێنەرەی شانۆی مۆسیقی گۆڕی

◄ لیزا محەممەد





خاتوو جیلییەن باربارا لین، ئەو ژنەی لە تەمەنی 92 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، زۆر بە سادەیی ئەو شێوازەی گۆڕی کە لەبارەی سەماکردن بیری لێ دەکەینەوە.

(پیتەر لاند)ی ئەکتەر و هاوسەری خاتوو جیلییەن، لەبارەی مردنی "جیلی ئازیز"ییەوە دەڵێت کە خاتوو جیلییەن لەلایەن چەندین دەزگا و کۆمپانیای سەما و دامەزراوەی هونەرییەوە ڕێزی لێ گیراوە، بێگومان جیلییەن کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر سەمای بالیە و جێپەنجەی بە مێژووی ئەو هونەرە و شانۆی مۆسیقی (موزیکەڵ تیاتر)ەوە دیارە.

کاریگەرییەکانی خاتوو جیلییەن دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی کاتسی مۆسیقی (ئەندرێو لۆید وێبەر)، کە لەیەکەم دەرکەوتنی لە ساڵی 1981 لە لەندەن، بوو بە خاڵی ئەو وەرچەرخان و کاریگەرییە، بە تایبەتی لەو کاتەدا، سەمایەکی بێ وێنە و شێتانە سەرنجی بینەر و ڕەخنەگرەکان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. نمایشەکە کارەکەی لین-ی بە ئامادەبووان ناساند و بۆ ماوەی چەندان ساڵ، نەک تەنها لە لەندەن، بەڵکو بووە جێی سەرنجی هەوادارانی ئەو هونەرە لە سەرانسەری جیهان. لێرەوە (وێبەر) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ناوی "شانۆی نوێی لەندەن" ی گۆڕی بۆ "شانۆی جیلییەن لین"، کە (وێبەر) خۆی خاوەنی ئەو شانۆیە بوو.

(لین) توانی بە شێوەیەکی زۆر نائاسایی و سەیر بچێتە ناو سەماکەوە، ئەم توانا بلیمەتانەیەی (لین) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیی خۆی. دایکی (لین)، کە لین منداڵ دەبێت، لەبەر بزێوی و جووڵەی بەردەوامی، دەیبات بۆ لای پزیشک. کە پزیشکەکە لێی دەڕوانێت، یەکسەر هەست دەکات ئەم کچە بەهرەیەکی تایبەتی تێدایە، بۆیە ڕادیۆیەک دەخاتە ئیش و لەگەڵ دایکی لین لە ژوورەکە دەچنە دەرەوە، داوا لە دایکیشی دەکات چاودێریی کچەکەی بکات. کە دایکی لین سەیری کچەکەی دەکات، دەبینێت بەبێ ویستی خۆی، بەدەم مۆسیقای ڕادیۆکەوە سەما دەکات.

دایکی لین، هەر زوو، کاتێک لین لە تەمەنی 13 ساڵیدا دەبێت، بە ڕووداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی دەکات و لین بێکەس و بێلانە بەجێدەهێڵێت.

لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، خاتوو (نینێت دی ڤالوای)، لین-ی بێ دایک هەڵدەگرێتەوە و بەخێوی دەکات. بە ڕێکەوت ئەم خاتوونە دامەزرێنەری کۆمپانیای بالیەی (وێلزی سادلێر) دەبێت، کە دواتر دەبێتە (بالیەی شاهانە). (لین) ئەو شانسەی دەبێت کە لای ئەم خاتوونە گەورە بێت، بۆ یەکەم جاریش بەتەنها لەم کۆمپانیا گەورە و گرنگەی سەمادا و لە یادی بیستەم ساڵەی لەدایکبوونیدا، سەما دەکات، بۆ نموونە وەک (پەریی ڕەنگ ئەرخەوانی) دەردەکەوێت. دواتر بەتایبەتی لەلایەن ڕاهێنەرانی بالیەی شاهانە (فرێدریک ئاشتۆن) و (ڕۆبەرت هێلپمان) جێگای بۆ ئامادە دەکرێت.

(لین) هێدی هێدی لە سەماکارەوە دەبێتە ڕاهێنەر و کۆریۆگراف، لێرەوە هەنگاوە گرنگەکانی دەستپێدەکات و ناو و ناوبانگی سنوورەکانی ئینگلتەرا دەبڕێت. (لین) دەبێتە ڕاهێنەری سەمای بالیەی کۆمپانیای شەکسپیری شاهانە، خانەی ئۆپێرای شاهانە و ئۆپێرای نەتەوەیی ئینگلیزی.

خاتوو لین، جگە لە کاری سەما و کۆریۆگرافی، هونەرمەندێکی بەسەلیقەی شانۆی بووکەڵانیش بووە و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن نمایشی بووکەڵەی پێشکەش کردووە، هاوکات ڕۆڵی سەرەکی لەگەڵ گەورە ئەکتەرانی وەک (ئیرۆل فلین) دەبینی.

یەکێک لە هێما گرنگەکانی ئەم خانمە هونەرمەندە، ئەو گۆڕانکارییە گەورە و بنەڕەتیانە بوون کە لە بوارەکانی مەشق و نمایشە کلاسیکییەکاندا کردنی، سەمای لە مۆرکە کلاسیکییەکەوە گۆڕی بۆ سەمایەکی هاوچەرخی وزەبەخش، بەمەیش توانی ژمارەیەکی زۆر گەنج لەم هونەرە کۆبکاتەوە، هاوکات گەنجێکی زۆر وەک بینەر ئامێزیان بۆ نمایشەکانی لین کردەوە. لەم ڕووەوە لین بە ڕچەشکێن ناسرا و توانی بنەماکانی شانۆی مۆسیقی- یش بە تەواوی بگۆڕێت و بەرگێکی نوێ و هاوچەرخی پێ ببەخشێت، بۆ نموونە مۆرکی پاڵەوانەکانی گۆڕی، بالیە و مۆسیقای جاز و سەمای جازی پێکەوە گرێ دان و نواندنە بازرگانییە کۆنەکەیشی گۆڕی و شێواز و فۆرم و تەکنیکە نوێخواز و تازەکانی داهێنا، کە لەگەڵ سەردەمەکەدا دەگونجان.

لین توانایەکی گەورەیشی لە بواری بەڕێوەبردنی کۆمپانیای بالیە و لایەنە بازرگانییەکەیشیدا هەبوو، زانیویەتی چ بەرهەم و چ پرۆژەیەک بینەران ڕادەکێشێت و سەرمایەی کارەکانیان، بە قازانجێکی زۆرەوە بۆ دەگەڕێتەوە.

ئەم هونەرمەندە داهێنەرە، دواجار لە یەکی ئەم مانگە (تەمووزی 2018) لە نەخۆشخانەیەکی شاری لەندەن کۆچی دوایی کرد.


خاتوو جیلییەن، سەمازانی باڵێرینا، هونەری بۆ هەمیشە گۆڕی



# هەقایەتخوانی ناو هەقایەت

حەمە مەنتک



هەقایەت بەرهەمی فیکری مرۆڤی کۆنە بە درێژایی مێژوو. مرۆڤ بۆ ئەوەی خوێندنەوە، یان گوزارشت لە ئەزموونی ژیانی خۆی بکات، لە کۆندا کەرەسەیەکی وەکوو هەقایەتی بەرهەم هێناوە. هەقایەت دەرخەری ئاستی فیکر و بیرکردنەوەی مرۆڤی کۆنە. (د.نەبیلە ئیبراهیم) بڕوای وایە هەقایەت بریتییە لە هەواڵێک ئاماژە بە ڕووداوێکی کۆن دەکات، کە لە ڕێی گێڕانەوەی زارەکییەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوازراوەتەوە. کەواتە هەقایەت گێڕانەوەیەکی خەیاڵییە، وەگێڕ و بەردەنگ (گوێدێر) بەشدارییان لە ڕووداوەکاندا نییە. (د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) لە کتێبی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری)دا لەبارەی هەقایەتی فۆلکلۆرییەوە دەڵێت: کەرەسەی ئەفسانە لە خەیاڵ و پروپووچەوە وەرگیراوە، بەڵام کەرەسەی چیرۆک لە ژیانەوە وەرئەگیرێ. کەرەسەی چیرۆکی کوردی هەر گیانلەبەرە ئیتر یا ئاژەڵە، یا مەل و باڵندەیە و بەشی گەورەی کەرەسەکەشی ئادەمیزاد خۆیەتی. ئەم پێناسەیە، کێماسی تێدایە، ڕاستە جیاوازیی لە نێوان گێڕانەوەی ئەفسانەیی و گێڕانەوەی فۆلکلۆری کردووە، بەڵام لە ڕووی زاراوەوە هەقایەتی بە چیرۆکی کوردی داناوە، بەڵام کورد لە کۆنەوە ناوی لەم گێڕانەوەیە ناوە هەقایەت. کەواتە هەقایەت شێوەیەکی گێڕانەوەی سادەیە، هەوڵی خستنەڕووی کێشە بەردەوامەکانی مرۆڤ دەدات، وەکوو: خۆشەویستی، مردن، پاشمردن... تاد. ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێ، هەموو ئەم چەمکانە کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانی جۆرێک لە هاوبەشی هەیە لە تێمە و گێڕانەوە لە هەقایەتی فۆلکلۆری زۆربەی میللەتانی جیهاندا، بەتایبەتی ئەو میللەتانەی دراوسێن، یان کولتووریان لە یەکدییەوە نێزیکە.

زاراوەی هەقایەتخوان، دەکرێ بە چەند شێوەیەک ڕاڤە بکرێت. دیارە لە کۆندا خەڵکی بۆ بەسەربردنی کات و شەوانی درێژی زستان، لە دەوری ئاگردان کۆدەبوونەوە و یەکێک هەقایەتی بۆ دەگێڕانەوە. یان لە دیوەخانی ئاغا و میران کەسێک دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهات و هەقایەت دەکرد. پاشان کاتێک شار دروست دەبێت، لە چایخانە و قاوەخانەکاندا کەسێک لەسەر سەکۆیەک دادەنیشت و داستانی دەخوێندەوە، یان هەقایەتی دەگێڕایەوە. کاتێک بەردەنگ و گوێگران گوێیان لەو گێڕانەوانە دەبوو، کە دەگەڕانەوە ماڵەوە، ئەوانیش بۆ خێزان و منداڵەکانیان دەگێڕایەوە، بە تێپەڕبوونی کاتیش هەقایەتخوانەکان خەیاڵ و بیر و شتی دیکەیان بۆ زیاد دەکردن. کەواتە لە هەقایەتدا پتر لە هەقایەتخوانێکمان هەیە.

هەموو هەقایەتێک پێویستی بە هەقایەتخوانێک هەیە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، هاوکات پێویستی بە گوێدێرێک هەیە گوێ لە گێڕانەوەکە بگرێت. هەقایەت سیستەمێکی وردی گێڕانەوەی هەیە، لەناو ئەو سیستەمەدا هەقایەتخوان و گوێدێر پێگەی خۆیان هەیە. یەکێک لە ئەرکەکانی هەقایەتخوان گێڕانەوەی ڕووداوەکانە بە شێوەیەکی زنجیرەیی. بەبێ ئەوەی پاشوپێشیان بکات. سەر لە هەوەڵ هەقایەتخوان ئاماژەیەک بە گوێدێرەکان دەکات، ئەوەی ئەو دەیگێڕێتەوە، ڕووداوگەلێکن لە دەرەوەی ژیانی ئەون: هەبوو نەبوو، کەس لە خودا گەورەتر نەبوو..... یان بە وشەی دەگێڕنەوە.... بەمەیش سەرنجی گوێدێر بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت، پاشان ئەو پەیامەی پێدەدات کە دەبێ بە وردی ئاگاداری قسەکانی ئەو بێت و فەزایەک لە کن گوێدێر/خوێنەر دروست دەکات. هەقایەتخوان گوێدێر بەرەو ناو ڕووداوەکان ئاراستە دەکات. لە سەرەتای هەقایەتەکەوە دەستپێدەکات، ئینجا بۆ ناوەڕاست و پاشان کۆتایی. یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی هەقایەتخوان، وەستاندنی ڕووداوەکانە. بۆ نموونە کاتێک پاڵەوان و کەسایەتییەکانی ناو هەقایەت بە دوو ڕێی جودادا دەڕۆن کە زۆرجار بە ڕێیەکانی هات و نەهات ناو دەهێنرێت، هەقایەتخوان ڕووداو و بەسەرهاتی کەسایەتییەکان لە یەکێک لە ڕێیەکان دەگێڕێتەوە، پاشان دەڵێت: با بچینەوە لای بۆ نموونە (ئەحمەد)، کە پاڵەوانی هەقایەتەکەیە. لێرەدا ئەمە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بە شێوەی فلاشباک نییە، بەڵکوو وەستاندنی ڕووداوە، چونکە هەقایەتخوان دەبێت هەموو لایەنێکی ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، هیچ شتێک بۆ گوێدێر/خوێنەر ناهێڵێتەوە، یان جێناهێڵێت. هەقایەتخوان کەسێکە هەموو شتێک لەبارەی پاڵەوان و کەسایەتی و ڕووداوەکان دەزانێت. بۆیەش جار جارە گۆشەنیگای خۆی دەگۆڕێت، بە ئامانجی ئەوەی کۆی گۆشەکانی ناو هەقایەتەکە بە گوێدێر/خوێنەر نیشان بدات. بەمەیش گرینگی و دەسەڵاتی هەقایەتخوان دەردەکەوێت، هیچ شتێک بە ڕەزامەندی ئەو نە ڕوودەدات، نە گوێدێریش دەتوانێ ببیستێ. تەنانەت کاتێک پاڵەوان و کەسایەتییەکان دەپەیڤن، لەڕێی هەقایەتخوانەوە قسەکانیان دەکەن. یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی هەقایەتخوان پەند و ئامۆژگارییە. ئەمە دەبێتە ئەرکی خودی هەقایەتەکەش. یەکێک لە ئاسانترین و باشترین ڕێیەکان بۆ ئامۆژگاریکردنی خەڵکی، هەقایەت بووە، چونکە لە هەقایەتدا هێزی چاکە و هێزی خراپە لە ململانێدان. هەمیشە هێزی چاکەیش سەردەکەوێت. تەنانەت هێندێ هەقایەت پاڵەوان و کەسایەتییەکانی ئاژەڵ و گیاندارانن، هەموو ئەمانەیش جۆرێک لە پەند و ئامۆژگارییان تێدایە. هەمیشە هەقایەتخوان لە دەرەوەی هەقایەت دەوەستێت و ڕووداو و دیمەنەکان دەگوازێتەوە، بەبێ ئەوەی خۆی تێیاندا بەشدار بێت. کەواتە دەبێت پێوەندی لە نێوان ڕووداو و پاڵەوان و کات و شوێنەکان دروست بکات، چونکە زۆر جار ڕووداوی خورافی و ئەفسانەی تێدەکەوێت، هەقایەتخوان دەبێت قەناعەت لە کن گوێدێر دروست بکات کە ئەو ڕووداوە ئەفسانەیی و خورافیانە ئاسایین. هەقایەت بەبێ هەقایەتخوان نابێت، هەموو شتەکان بەبێ بوونی ئەو دەوەستن و ڕوونادەن.

# خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی "خەتی بزماری"

بۆتان لەتیف عەبدولقادر



(خەتی بزماری) ناونیشانی ڕۆمانێکی قادر عەبدوڵڵایە و شەفیقی حاجی خدر لە هۆڵەندییەوە کردوویەتیە کوردی و ساڵی 2017 دەزگای ئەندێشە چاپی کردووە. ڕۆمانێکە دەربارەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی ئێران لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا. ڕۆمانێک، کۆتایی سەردەمی شاهنشایی و سەرەتای دەرکەوتنی ڕژێمی ئایەتوڵڵایی پێکدەناسێنێت و بەسەرکەوتنی ڕژێمی ئایەتوڵڵاکان بەسەر (ڕەزا شا)دا کۆتایی دێت.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا کەڵکی لە چەند چیرۆکێکی ناو قورئان وەرگرتووە، سەرەتا بە چیرۆکی (یارانی ئەشکەوت) دەستپێدەکات، هەروەها ئاماژە بە چیرۆکی "مریەم"یش دەدات.

ئەگەر سەیری پاشخانی نووسەر بکەین لە میانەی ڕۆمانەکەوە، دەبینین خۆی وەکو کەسێکی پێشکەوتووی چەپ پیشاندەدات، کەسێک کە کەڕولاڵە، هەتا بێ هەودا بژی، بێ ئاگا بێ لەو ڕەوش و شێوەی ژیانەی ئەوسا، ئەمە لەڕێگای کەسایەتی سەرەکی "ئاغا ئەکبەر" دەردەکەوێت، بەڵام دواتر ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە ئاشکراکردنی واتای ئەو دەستەواژانەی بەخەتی بزماری نووسراون و وەک تابلۆیەک لەئەشکەوتی شاخی زافەران هەڵواسراوە. هەروەها نووسەر دەیەوێت بەراوردێک بکات لەنێوان ژیانی کۆن و نوێدا، ژیانی کۆنی زنجان لەڕێی ئەشکەوتەکەی شاخی زافەران و چاڵی "مەهدی چاوەڕوانکراو"، هەروەها هاتنی کەرەستەی نوێی ژیان، وەکو شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر، ئەمە هەڵدەنێت لەسەر بنەمای چیرۆکی یارانی ئەشکەوت و ئەو ڕەوشە ئاینییەی لە شاری مەککەی سعودیە هەیە، وەکو حەج، هەروەها ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی نەتەوەی فارس و ئێران دەیەوێت بڵێت لەڕووی ئاینییەوە خاوەنی شوێنی پیرۆز و پێشەوا و پیاوی خودایی خۆیەتی، هەروەک ئەوەی بەریەککەوتنی هەردوو ڕێبازی شیعە و سوننەشە. ئەمە بێجگە لەوەی "ئاغا ئەکبەر"ی کەڕولاڵ و پاڵەوانی کوتک بەدەست بۆ کردنەوەی ڕێگای شەمەندەفەر لە شاخی زافەران، نازانێ بۆچی "ڕەزا شا" چاڵی "مەهدی چاوەڕوانکراو" پڕدەکاتەوە و کۆنکریتی دەکات.. ڕەنگە ئەمە ترسی "شا" بێت لە لەدەستدانی دەسەڵات لەڕێی شۆڕشی مەلاکان بەڕابەرایەتی "خومەینی"، هەروەها ئەمە هێمایەک بێت بۆ بەریەککەوتنی دەسەڵاتی دینی و دونیایی، لەوەی "شا" هێمای دونیاگەری و پێشکەوتنە، خەتی بزماری و یارانی ئەشکەوت، حەج لە مەککە و حەج لە شاخی زافەران و زنجان، پاشماوەی مێژوویین و هێمای کۆنەپارێزین، ئەمە بەپێی بەراوردی نووسەر لەناو ڕۆمانەکەدا، هەرچەندە نووسەر خۆی ئاوارە و پەڕاگەندەی وڵاتانی تر بووە لە ترسی دیکتاتۆریەتی "شا"ی ئێران، کە جێگای خەڵکی ڕۆشنبیر و کراوە و ئازادیخواز نابێتەوە لەسایەیدا، هەروەک ئەوەی خەڵکی زنجان و ئەسفەهان و ئێران بەگشتی چاوەڕێی فریادڕەسێکن بۆ ئازادبوون لە دیکتاتۆریەتی "ڕەزا شا"، ئینجا "مەهدی چاوەڕوانکراو" بێت یان "ئاغا ئەکبەر". لەلایەکی تر لەڕووی نووسینی دەقەوە ئەمە پێی دەگوترێت دەقئاوێزانی ئایینی.

**ڕۆمانەکە لەڕووی هونەری بنیاتنانی کەرەستەی ڕۆمانەوە بەم شێوەیەیە:**

**یەکەم/ ناونیشان:**

بەپێی قسەکانی وەرگێڕ بێت، بۆ ناونیشانەکە پرس و ڕاوێژی لەگەڵ نووسەر کردووە و گەیشتوونەتە ئەوەی کە ناونیشانەکەی (خەتی بزماری) بێت. ناونیشان وەکو دەروازە و بەرایی چوونە ژوورەوە وایە، بۆیە ناونیشان زۆر گرینگە، بەپێی بۆچوونی (لیوهۆک) سێ ئەرک لەئەستۆی ناونیشانە:

1- دەستنیشانکردنی بابەتی پەرتووک.


2 - دیاریکردنی ناوەڕۆک (دەق)ی پەرتووک.

3- ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر

بەپێی ڕای ڕەخنەگرانی وەکو جیرار جینیت و گۆڵدمان یش بێت، ناونیشان گرینگترین وێستگەی نووسینە. ئەگەر سەیری ئەم ڕۆمانە بکەین، دەبینین پەیوەندییەکی ڕێک و بنیاتی لەنێوان ناونیشان و ناوەڕۆکەکەی هەیە، چونکە لەناو ئەشکەوتی چیای زافەران تابلۆیەکی نووسینی خەتی بزماری هەیە، کە هەمووان دەیانەوێ بزانن چی لەسەر نووسراوە.

**دووەم/ دابەشکردنی ناوەڕۆک:**

بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بۆ سێ وێستگە دابەشکراوە، هەر وێستگەیەک ناوی لێنراوە کتێب، واتا (کتێبی 1، کتێبی 2، کتێبی 3)، هەر کتێبێکیش لەچەند بەشێک پێکهاتووە.. لە کتێبی یەکەمدا ناونیشان نییە، هەرچی کتێبی دووەمە، ناوی (زەمینەیەکی نوێ)یە و کتێبی سێیەم ناوی (ئەنوا)یە، چیرۆکێکی ناو کتێبە پیرۆزەکەی ماڵی "ئاغا ئەکبەر"ـە. ئەوەی جێی سەرنجە، لەبەشی یەکەمی کتێبی یەکەمدا بە (ئەنوا) دەستپێدەکات، بەڵام کتێبی سێیەم ناولێدەنێت (ئەنوا)، ئەمەش لەڕووی فەزای گشتی و بواری گشتییەوە؛ جێی سەرنجە، لەوەی کە لە سەرەتادا (ئەنوا) چیرۆکی کتێبە پیرۆزەکەیە، بەڵام لەکۆتاییدا وێستگەی ژیانی کەسێکی بێناسنامە و وێڵ و سەربزێوە و چەپە، ئەمەش بەپێی بۆچوونی زانای کۆمەڵناس (هابرماس) بێت، بواری گشتی دەرچوونە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی خێزانی، دەوڵەتی، یان کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و تاد.. هەروەها سەربزێوی و سەرپێچیکردنی هەندێ




خەسڵەت و تایبەتمەندی و دابونەریتە. هەرچی (ئیمانۆئێل کانت)یشە پێش (هابرماس) لە وتارێکیدا بەناونیشانی (ڕۆشنگەری چییە) باس لەو بارودۆخە دەکات، وەختی تاک لەناو ڕەوشێکی دیاریکراودا تێیدەکەوێت و چوارچێوە وەردەگرێت، بەڵام پێیەوە پەیوەست و پابەند نابێت، واتا لە فەزایەکی گشتیدایە، دەکرێت بڵێین "ئاغا ئەکبەر" لە فەزای گشتیدایە و دەیەوێت لەنوێوە دەستپێبکاتەوە.

**سێیەم: هونەری مەڕاقکردن (هونەری ڕستن و چنینی ڕووداوەکان):**

سەرەتا ڕۆماننووس بەگێڕانەوەی چیرۆکی یارانی ئەشکەوت، کە لە قورئانی پیرۆزدا هەیە، دەستپێدەکات، پاشان وردە وردە دێتە سەر ئەشکەوتی شاخی زەنجان و نووسینی بزماری و ژیانی کەسایەتی سەرەکی "ئاغا ئەکبەر".

تابلۆی خەتی بزماری؛ لەناو ئەشکەوتی شاخی زافەران؛ کە بنارەکەی شاری زنجانە، بووەتە خاڵی وەرچەرخان و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، لەوەی کە کەسایەتیەکانی ڕۆمانەکەی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، بەتایبەت کەسایەتی سەرەکی (ئاغا ئەکبەر)ی کەڕولاڵ. ڕەخنەگر و ئەدیبی بەریتانی (ئیدوارد مورگان فۆستەر) لەبارەی ڕەگەزی وروژاندن دەڵێت: (گرێی ڕۆمان لە مەڕاقکردن و چۆنیەتی داڕشتنی ڕووداوەکاندایە)، وەختی خوێنەر ڕۆمان دەخوێنێتەوە؛ دەبێ خاڵێک هەبێ کە تیایدا هەست بکات بەئامانجی نووسەر گەیشتووە، ئەمەش ڕایدێنێت کە بەردەوام بێت، بەجۆرێک تامەزرۆیی زۆرتر بەخوێنەر دەبەخشێت و ڕایدەکێشێت تا کۆتایی ڕووداوەکان. لەم ڕۆمانەدا؛ نووسینە بزمارییەکە گرێیەکی سەرەکیە، کە لەڕێی کەسایەتی سەرەکی ڕووداوەکە (ئاغا ئەکبەر) دەبێ وەربگێڕدرێتە سەر زمانی سەردەم، هەتا هەمووان تێبگەن کە چی نووسراوە. لێرەدا هەست بەوە دەکەین کە ڕۆماننووس سەرکەوتووە لەوەی پەیوەندییەکی گەرموگوڕ لەنێوان ڕووداو و گرێی ڕۆمان و کەسایەتیەکانیدا دروستبکات، هەتا مەبەستەکەی بگات.

**چوارەم/ کەسایەتی و کات و شوێن:**

ئەم ڕۆمانە، چەندین کەسایەتی تێدایە، کەسایەتی سەرەکی "ئاغا ئەکبەر"ی کەڕولاڵە کە خەڵکی زنجانە، لەڕێی "هاجەر"ی دایکی و"کازم خان"ی خاڵی گرینگی پێدەدات و ڕۆڵ و ئەرکەکانی بۆ دیاری دەکات. هەروەها چەندین جار ناوی"شا" دێنێت، لەوەی ئەو دەسەڵاتداری ئەوسای ئێرانە، باسی مەلاکان دەکات و ناوی "خومەینی"یش دێنێت وەختی لەڕێی شاخەکانی زنجانەوە لەدەستی "شا" ڕادەکات و دواتر بەسواری فرۆکەیەک دێتەوە و دەبێتە حاکمی ئێران، ئەمەش "ئاغا ئەکبەر" سەرسام دەکات. هەروەها چەندین کەسایەتی تریشی تێدایە وەکو "ئیسماعیل، تینا، جەمیلە، موسەددەق، چەرچڵ، بولفەزل و.. ناوی چەند شاعیرێک و چەند کەسایەتییەکی تریش. لێرەدا؛ هەست بە هەژموونی نووسەر دەکەین لەوەی خۆی ئەرک و ڕۆڵ بە هەر کەسایەتییەک دەدات و هەڵیاندەسوڕێنێ.

کاتی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە سێ دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردووە. هەرچی شوێنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە؛ بەگشتی ئێرانە، بەڵام نووسەر بینینی خۆی وەکو هێمایەک لە شاری زنجان و شاخی زافەران چڕکردووەتەوە.

**پێنجەم/ زمان و گوفتار:**

هەرچی زمانی وەرگێڕانەکەیە، زمانێکی ڕێک و شیاوی نووسینی ڕۆمانە، وەرگێڕ سەرکەوتوو بووە لە گواستنەوەی ڕووداوەکان و پێکهاتەکانی تری ڕۆمانەکە بەگشتی، وەک دەڵێن: وەرگێڕان وەک ئەوە وایە تۆ مافورێکی کاشان وەربگێڕیە دیوەکەی تری و ئینجا ڕایبخەی. واتا هیچ کات وەرگێڕان وەک زمانی زگماکی نووسین نایێتەوە، بەڵام بەگشتی هەست و مەبەستی نووسەر بگەیەنێت بەپێی ئەو هونەرەی نووسینی پێدەنووسرێت گرینگە.

هەرچی پەیوەندی بە گوفتاری ڕۆمانەکەوە هەیە، ڕاناوی کەسی یەکەم (من) بەسەریدا زاڵە، کە گوزارشت لە کەسایەتی ڕۆماننووس دەکات. لەوەی کە نووسەر (ڕۆماننووس) وەک چۆن زاڵە لەپێدانی ڕۆڵ بە هەر کەسایەتییەک، ئاواش لەدواندنیاندا زاڵە، بەڵام بەیەکداچوونی نێوان ڕووداوەکان و کەسایەتیەکانیش گرینگە و یەکلاکەرەوەیە.

لەم ڕۆمانەدا گێڕەرەوە خودی نووسەرە، چونکە هەموو شتەکان دەربارەی هەموو کەسایەتییەکان دەزانێت بەکەسایەتی سەرەکی "ئاغا ئەکبەر"یشەوە. لەوانەیە "کازم خان" خودی نووسەر (ڕۆماننووس) بێت، بەپێی ئەم چەند دێڕەی لاپەڕە 19ی ڕۆمانەکە بێت کە دەڵێت: "ئێمە دوو کەسین چیرۆکەکە دەگێڕینەوە. ئیسماعیل و من. من گێڕەرەوەی هەمووشتزانم. ئیسماعیلیش کوڕی ئاغا ئەکبەرە کە کەڕولاڵ بوو".

ڕەخنەگری فەڕەنسی (جۆن بۆیۆن) پێیوایە کە گێڕەرەوە بەگوێرەی زانیارییەکانی دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر، 1- گێڕەرەوە لە کەسایەتی سەرەکی زیاتر دەزانێت. 2 - گێڕەرەوە هێندەی کەسایەتی سەرەکی دەزانێت. 3- گێڕەرەوە کەمتر دەزانێت لە کەسایەتی سەرەکی.

لەم ڕۆمانەدا گێڕەرەوە کە خودی ڕۆماننووس (نووسەر)ـە، لەجۆری یەکەمیانە، بۆیە وەختی ڕۆمانەکە دەخوێنینەوە، هەست بە هەژموونی نووسەر دەکەین لەوەی خۆی ئەرک و ڕۆڵ بە هەر کەسایەتییەک دەدات و هەڵیاندەسووڕێنێ. لەبەرئەوە پێموایە، ئەم ڕۆمانە بەشێک بێت لە ژیاننامەی نووسەر. واتا لێرەدا بەیەکداچوونی ڕەگەزی دەقەکان ڕوویداوە، لەوەی ڕەگەزی ڕۆمان و ڕەگەزی ژیاننامە جووت دەبن و"توانەوەی جۆری" دروست دەبێت، بەوەی دەقێکی ئەدەبی هەژموون بەسەر دەقێکی تردا دروستدەکات.

# له تیرۆری پاشای گەورەوە تا جمهووریی رواندز

ئاسۆ مامزادە



## بەشی یەکەم

ئاغام، ئەمن رووم دەکردە دیوانێ ئاغایێ خۆم، لە لایێکی دادەنیشتن پێنجسەد پیاوماقوولّ و سەید و مەلا و پێنجسەد نۆکەر هەموو دەست لەسەر گوێ خەنجەرێ دادەنا، ئاغام لە دیوانێ ئاغایە خۆم دادەنرا پێنجسەد کورسیی تەخت زێڕین و هەر لەوی دە پێچک زێرنیشانە و...

ئاغام، سەرێ من دێشی و دلێکە من و رەبەن و رەبەنە مالێ، چەندی لە برینە و چەندی لە ژانە ژانە و ئاغام، لە سەرە وان کورسیانم دادەنیشتن پێنجسەد کوڕڕە کوڕڕەی دە بەبەیانە و، قەننەی دەمارپێچیان پێبوون، تووتنی دەمێ شەمان پێدەکردن، پۆلووی دە دارە عوودیان لەسەر رۆ دەنانە و.

ئاغام، ئەمن بۆت بە جوببەخانەی ئاغایە خۆهەڵدەلێم و ئەوە لێم دەردەکێشاوە پێنجسەد شیری لاهوری، کەرگەدەنی هەر لەوی سەر و مل بە جۆللانە و، ئاغام، لەشکری مالۆێران دەلێ سەرێکە من دێشی و دلێکە من و رەبەن و رەبەنە مالێ، چەندی لە ژانە و چەندی لە ژانەژانە و، ئاغام، ئەمن رووم دەکردەوە جببەخانەی ئاغایە خۆم لێم دەردەکێشاوە پێنجسەد مەتالی قولەی سەلیم بارام خانە و، ئاغام..

ئەم وشانە بەشێکن لە دەستپێکی بەیتی لەشکری بە (ڕەوایەتی مەحمەڵ) کە لە وتاری (لەشکری لە میرنشینی سۆرانەوە تا ئەمڕۆ) بەسەرهاتەکەیم گێڕاوەتەوە. ئەم بەیتە لە زمانی لەشکرییەوەیە، خانزاد ئەمری کردووە بەبەر چاوی وەزیرەکان و خەڵکەوە دیوارێکی پانی لە پێش دروست بکەن، بە جۆرێک کە تەنگی پێ هەڵچنێ و تا تەواو بوونی دیوارەکە و خنکانی، بە بەیت چۆنیەتی خیانەتەکەی لە میر سلێمان خانی برای بۆ بگێڕێتەوە.

بەیتی لەشکری، هاوتەریب وەسفی دەرباری میر و جبەخانە و ناوی ئەسپەکانی ئەو سەردەم و چۆنیەتی چەکەکانی میرنشینی سۆرانە لە سەدەکانی ناویندا.

ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێت و لە راستیدا لەبەر هەستیاربوونی، بە حەیفی دەزانم تەنیا بە تیرۆری پاشای گەورە و سەردەمی جمهووری و دارمانی یەکجاریی میرنشینی سۆران کۆتایی پێ بهێنم و پێویستە بگەڕێینەوە بۆ چوارسەد ساڵ بەر لەم رووداوانە، یانی بنیاتنانی ماڵە میرانی سۆران.

ئەم وتارە کتێبێکی زۆر تایبەتی کردووەتە هەوێنی نووسینی خۆی کە ناکرێت تەنیا بە ناوهێنان لە تۆماری سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێ بکەم. کتێبی (ڕژێمی رواندزی سەردەمی پاشای کۆرە) کە توێژینەوەیەکی پڕبایەخی شێرکۆ هەژارە، کوڕی مامۆستا هەژار موکریانی، کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و ورد و لێهاتوو لە توێژینەوەی مێژوویی و شارەزا لە چەندین زمانی زیندووی جیهانی. ئەمیش یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی، کتێبی (مێژووی میرانی سۆران)ی حسێن حوزنی موکریانیە کە ساڵی 1935 بە پشتبەستن بە (مەلیخا- رۆژژمێری شاهانەی میرنشینی سۆران) و چەندین سەرچاوەی پڕبایەخی تر چاپ و بلاوی کردووەتەوە.

**ئەم وتارە لە سێ بەشدا بلاو دەکرێتەوە**

1 — چۆنیەتی دامەزراندنی میرنشینی سۆران، درەختی نەژادی و کورتەیەک لەسەر میرانی سۆران.

2 — میر محەممەد (پاشای گەورە) کەسایەتیی خۆی و سیستمی حوکمرانی و سەربازی و دارایی، لەشکرکێشی و شەڕەکانی بۆ فراوانترکردنی قەڵەمڕەوەکەی.

3 — چۆنیەتی تیرۆری پاشای گەورە و رووداوەکانی پاش کوژرانی و سەردەمی جمهووری و دارمان.

● **بەشی یەکەم:**

### 1 –بنیاتنانی میرنشینی سۆران

دەوروبەری ساڵانی 1300 بۆ 1400ی زایینی کەڵۆس ناوێک لە شارەزوورەوە دەچێتە گوندی هەودیان و دەبێتە شوانی گوندیەکان. کەڵۆس ددانەکانی پێشەوەی نەبوون و لەبەر ئەوە بە زاراوەی ئەو ناوچەیە پێیان گوتووە کەڵۆس، واتا ددان کەل.


کەڵۆس سێ کوڕی هەبوون بە ناوەکانی عیسا و ئیبراهیم و شێخ وەیس. عیسا کوڕێکی هەڵکەوتە و هێزا و بەرچاوتێر و دلاوا بووە، هەرچیەکی دەستکەوتووە لەگەڵ کوڕوکاڵ و هەرزەکارانی گوند بەشی کردووە و ئاگای لێیان بووە و بە جوانمێری چاوبەرەوژێری کردوون و هۆگری بوون و لە فەرمانی دەرنەچوون.

هاوڕێیانی عیسا کە وەک خۆی سوارچاکی لێهاتوو و زۆر بەجەرگ بوون، وردە وردە دەکەونە گەڕان بۆ ناسینی زیاتری ناوچەکەی خۆیان، یەکێک لەوانە مەڵبەندی گەورەی باڵەکان بوو، خەڵکی ئەوێش سەر و سیمای میر عیسا زۆر بە سام دەبینن و بە مەرد و رەندی دەزانن و متمانەی پێ دەکەن و بەرە بەرە بڕیار دەدەن لە راست فەرمانی دەرنەچن.

بەو جۆرە پاش چەند ساڵ خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆبوونەوە و هێزوپێزێکی بێدادی پەیدا کرد، لەو سەروبەندەدا دوژمنێکی بەسام ببووە هەڕەشە بۆ سەر ناوچەکە و ئەمانیش کە لە فەرمانڕەوای ئەوکاتیان رانەدیوە بیانپارێزێت، بڕیار دەدەن خۆیان ناوچەکە بپارێزن، بۆیە بەرەو قەڵای رەوان (ڕەواندز) هێز دەجووڵێنن و ئابلۆقەی دەدەن، ئەو قەڵایە بەقر و تاشە بەردی سووری زۆری بە دەورەوە بوون، هەر بۆیە هێزەکانی عیسا خۆیان لە دووتوێی ئەو تاشە بەردانە دادەمەزرێنن بۆ شەڕ و بەو پێیە بە (کۆمەڵی بەردە سۆران) ناوبانگ دەردەکەن.

بەردەسۆران لەسەر زار قورس بووە و پاش گرتنی قەڵا و دانپێدانانی خەڵک بۆ میرایەتیی عیسا، ناوی سۆران دەبێتە نازناوی ئەو خانەدانە و ئیتر لێرەوە مێژووی ماڵەمیرانی سۆران دەستپێدەکات و میر عیسا دەبێتە یەکەم میری سۆران، پایتەخت حەریر.

لێرەدا پێویستە درەختی نەژادی ماڵەمیرانی سۆران کە بە دیزاینێکی نوێ دامڕشتۆتەوە، بیخەمە بەر چاوی خوێنەری هێژا.




**1-میر عیسا:** بە پاڵپشتیی هێزە گەورەکەی کە ئێستا بوونەتە سوپای تایبەتی میرنشینی سۆران، هێرشەکانی دوژمن پووچەڵ دەکەنەوە. لە پاش شەڕ، میر عیسا خەڵک لەبیر ناکات و بەبێ منەتکردن لە سەریان هەر وەک جاران و لەگەڵ هاوڕێیانی کۆنی، بەردەوام دەبن لە خزمەتکردنی خەڵک و ماوەیەکی زۆر بە کامەرانی فەرمانڕەوایی دەکات و پاش مردنی، بێجگە لە ناوێکی پڕ شکۆ و خۆشەویستیی لای خەڵک، کوڕێکیشی لە پاش بەجێدەمێنێ کە دەبێتە دووەم میری سۆران.

**2- میر شاعەلی بەگ:** لە پاش بابی کرا بە میر و ئەویش چوار کوڕی لە پاش بەجێمان بە ناوەکانی: عیسا، میر بداغ، و میر سەیدی و ئیبراهیم.

**3- میر عیسای دووەم:** جێی باوکی گرتەوە، لە شەڕی دژی (پیر بداغ)ی میری بابانـدا کوژرا، پایتەخت حەریر.

**4- میر بداغ:** لە (باڵەکایەتی) بوو، سۆمای سەر بە ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستانی لە دەست ئێران رزگار کرد و خستیە ژێر فەرمانی خۆیەوە.

**5- میر سەیفەدین:** زوو مرد

**6- میر حسێن:** زوو مرد

**7- میر سەیدی:** جێی برازای گرتەوە، پیر بداغی میری بابانی لە تۆڵەی براکەی — میر عیسای دووەم — بە دەستی خۆی کوشت. مووسڵ و هەولێری گرتن و ساڵی 1516 سەربەخۆیی راگەیاند، شای ئێران پیرۆزبایی لێکرد و پەیمانی ئاشتی لە نێوانیاندا بوو.

**8 - میر یەزدانشێر:** سوڵتان سولەیمانی قانوونی ساڵی 1534 لە هەولێر بوو بە میوانی و شەوێک لە کۆشکەکەی خۆیدا لە مۆڵگەی شاهانە بە نهێنی خنکاندی و هەولێر و هەموو سۆرانی دا بە حسێن بەگی داسنی.

**9 - میر سەیفەدینی دووەم:** هەموو قەڵەمڕەوەکەی لە حسێن بەگ ستاندەوە، حسێن بەگ بۆ سکالا چووە ئیستانبوڵ، بەڵام گرتیان و دەستبەجێ ئیعدامیان کرد. خودی میر سەیفەدینیش چەندین ساڵ پاش ئەو رووداوە، خۆفرۆشێک فریوی دا و بە تەماحەوە بەپێی خۆی چووە ئیستانبوڵ و لەوێ گرتیان و ئیعدامیان کرد.

**10 - میر قولی بەگ:** بیست ساڵێک فەرمانڕەوایی کرد.

**11- میر بداغی دووەم:** لەگەڵ سلێمان خانی برای لەسەر حوکم لێیان بوو بە شەڕ و هەرا، ئەوە یەکەمجار بوو کە شتی وەها لە سۆران روویدەدا.

**12- میر سلێمان خانی قولی بەگیان:** سەخت لە عەشیرەتی زەرزای دۆستی ئێرانی دا، شەڕی لە دژی ئێران کرد و دیلە ئێرانییەکانی بۆ عوسمانی نارد. ساڵی 1586 بۆ نەهێشتنی کێشە ناوخۆییەکانی دەرباری سۆران، قوباد بەگی ئامۆزای و چواردە کوڕە میری خزمی خۆی ئیعدام کردن.

ساڵی 1590 بە پیلانی لەشکری سەرۆک ئەرکانی سوپای سۆران، والیی عوسمانیی لە بەغدا بانگهێشتی فەرمی کرد و لەناو دیوەخانی والی کوژرا. بڕوانە (لەشکری، لە میرنشینی سۆرانەوە تا ئەمڕۆ).

مزگەوتی گەورەی حەریر و قەڵایەکی بەپیت لە نزیک ئەشکەوتی خرواتان لە یادگارە گرینگەکانی بوون کە بەپێی گێڕانەوەی مەلا جەمیلی رۆژبەیانی تا سەردەمی ئەویش هەر مابوون.

ساڵێک بەر لە کوژرانی، عەلی بەگی تاکە کوڕی کرد بە میری جێنشین.

**13 - میر عەلی بەگ:** دوا میری سۆرانە کە شەرەفخان باسی دەکات، دەڵێت ئێستا (مەبەست ساڵی 1597-1596) میری سۆرانە و بە سەربەخۆیی حوکم دەکات. ساڵی 1601 رێگای گەلی کردەوە و هەندێ پردیشی لەسەر رێگا دروست کردن. ساڵی 1634 کۆچی دوایی دەکات. (هەڵبەت بەپێی رەوایەتێک گەلی عەلی بەگ بە ناوی عەلی بەگی داسنیەوە کراوە کە پاش ئەوەی داوای پاشای (کۆرە) رەت دەکاتەوە و باوەڕ بە ئیسلام ناهێنێت، هەر لەوێ سەریان پەڕاندووە، تەنانەت گۆیا گوتوویەتی ئەگەر چەکدارەکانم (کە نزیکەی 15 هەزار چەکدار دەبوون) لێرەبان لەوانەیە باوەڕم هێنابا، بەڵام کە ئەوانم لەگەڵ نییە، لەوانەیە دواتر خەڵک بڵێن ترساوە، بۆیە باوەڕ بە ئیسلام ناهێنم)..

**14 - شاژن خانزادە خاتوون:** خوشکی میر سلێمان خان بووە و "قەڕالیچەی سۆران"ی پێ گوتراوە (قەڕالیچە = شاژن). خانزاد لە سەردەمی میر سلێمان خانیشدا کاروباری ناوخۆی راپەڕاندووە و لە زۆربەی کاروباری میریدا میر پرسی پێ کردووە. یەکێکە لە بەناوبانگترین و بەهێزترین ژنانی کورد کە توانی ببێتە شاژنی میرنشینێکی بەهێزی وەک سۆران و زۆر خۆشەویستی خەڵک بووە.

**15 - ئوغوزبەگی گەورە:** لە سەردەمی ئەودا بابانەکان حەریریان داگیر کرد. ساڵی 1645 رەواندزی لە نەیاران ستاندەوە و پایتەختی گواستەوە بۆ ئەوێ، ژنێکی خەڵکی رەواندز بە ناوی "شەمام" لە گرتنەوەی شار دا زۆر یارمەتی داوە، هەر بۆیەش پاش دامەزراندنی دامودەزگای دەوڵەت لە رەواندز، بە فەرمانی میر دوو کۆنگرە یان بە ناوی ئەو لە دەوروبەری رەواندز دروست کردووە (جووت کۆنگرەی شەمام). ساڵی 1695 کۆچی دوایی کرد.

**16 - میران بەگ:** لە سەردەمی ئەودا خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بۆ ماوەیەک سۆرانی داگیر کرد.

**17 - ئەحمەد بەگ:** هەندێک لە سەرکردەکانی سوپا تەمای کودێتایان هەبووە، هەندێک بە زۆر و هەندێک بە بەخشش نەوازشی کردوون و ئاگری فیتنەکەی کووژاندووەتەوە، پاش مردنی لەسەر تەپەی داری (سیدی) کە لە کانی گەرموکانە دەینێژن. حوزنی ساڵی 1928 چووەتە سەر گۆڕەکەی و بینیویەتی کە وێڕای ناو و بەیتە شیعرێکی فارسی، رێکەوتی مردنی لەسەر کێلەکە نووسراوە: 1215 هـ. (25/5/1800 — 13/5/1801).


**18- ئوغوزبەگی بچووک:** ئاوەدانکردنەوەی وڵات و پەرەپێدانی کشتوکاڵی زۆر لا مەبەست بووە (رەزی بە خەڵک ناشتووە و دەستی وەرزێرانیشی گرتووە و ....) دوورە شەڕ و بێ ئازار بووە.

**19- میر مستەفا بەگ:** تەمەرخان و یەحیا بەگی برای، لە ناوچەکانی خۆیان بە کەیفی خۆیان دەکرد و منەتیان بە بڕیارەکانی پایتەخت نەبوو، تەمەرخان هاوکاریی "بابان"یشی کرد کە بێتە سەر سۆران بۆ ئەوەی بیگرێت و ئەو بکات بە میر. بەو پێیە "بابانەکان" رانیە و کۆیە و حەریریان داگیر کرد و ئەگەر شەڕی ناوخۆیی بابان نەبووایە، رەواندزیشیان دەگرت. (30/7/1813).

مستەفا بەگ لە حوکم وەڕەز بوو و دەیویست حکومەت تەسلیمی براکانی بکات، بەڵام لە ژێر کاریگەریی ژنەکەی (بووک شازەمان) ساڵی 1813 لە دووی (محەممەد)ی نارد و داوای لێکرد جێگای بگرێتەوە.

**20- میر محەممەد (پاشای گەورە-پاشا کۆرە)** ساڵی 1784 لە رەواندز لەدایک بووە و گەورەترین و کاریگەرترین میری سۆرانە. چونکە دواتر بە تێر و تەسەلی لەسەری دەدوێین، لێرەدا باسی ناکەین.

(ئەحمەد بەگ) و (سلێمان خانی دووەم) و (ڕەسوڵ بەگ) یش دوا میرانی سۆرانن و هەر سێکیان برای پاشای گەورە بوون، باسی ئەو سێ میرەش بەجێدەهێڵم بۆ دوو ژمارەی داهاتوو، چونکە رووداوەکانی ئەو سەردەمە پێوەندیی نەپچڕوایان پێکەوە هەیە و ناکرێ بە جیا باس بکرێن.



**سەرچاوەکانی بەشی یەکەم:**

**1 — میر شەڕەفخانی بتلیسی / شەڕەفنامە (مێژووی ماڵە میرانی کوردستان) / وەرگێڕانی مامۆستا هەژار / دەزگای ئاراس، چاپی سێهەم 2006، لاپەڕەکانی 336 - 349.**

**2- شێرکۆ هەژار / رژێمی رواندزی سەردەمی پاشای کۆرە / چاپی یەکەم 2013، لاپەڕەکانی 10 — 13.**